
# "دەریاس و لاشەکان" مۆڵەتی چاپی فارسیی وەرگرت

## بەختیار عەلی کۆتایی ئەمساڵ سەردانی ئێران دەکات




■ ئا: ئەدەب و کولتوور

ڕۆمانی "دەریاس و لاشەکان" کە نوێترین ڕۆمانی بەختیار عەلییە، دوای نزیکەی ساڵێک چاوەڕوانی، مۆڵەتی چاپی فارسیی وەرگرت. وەرگێڕی ڕۆمانەکە دەڵێت نووسەران و خوێنەرانی ئێران حەز بە دیداری بەختیار عەلی دەکەن و پێدەچێت تا کۆتایی ئەمساڵ سەردانی ئێران بکات.

مەریوان هەڵەبجەیی کە وەرگێڕی ئەو ڕۆمانەیە بۆ سەر زمانی فارسی، بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "پێش ئەوەی ڤێرژنی کۆتایی ڕۆمانی "دەریاس و لاشەکان" لەلایەن نووسەرەوە تەواو بکرێت، ڕۆمانەکەی ڕادەست کردم و لە ساڵی پاردا وەرگێڕانەکەیم تەواو کرد، بەو هیوایەی وەرگێڕانە فارسییەکەی پێش دەقە کوردییەکەی چاپ بێت. بەداخەوە بەهۆی کێشەی زۆر و سانسۆر لە ئێراندا درێژەی کێشا و لە پاش هاتوچۆ و گفتگۆی زۆر لەگەڵ دەزگای سانسۆری ئێران، مۆڵەتی وەرگرت و بڕیارە لە ناوەڕاستی مانگی حەوت لەلایەن نەشری " پالپ"ەوە کە لە بەناوبانگترین خانەکانی چاپە لە ئێراندا، بڵاو بکرێتەوە.

"دەریاس و لاشەکان"، دەیەم ڕۆمانی بەختیار عەلییە و ئاوڕدانەوەیەکی ئەدەبییە لە ئێستای ژیانی سیاسی و لە ڕابردووشمان. تێکستێکە خوێنەر دەخاتە بەردەم ئەم پرسیارە: ئایا تۆ وەک مرۆڤ دوای خواست و ویست و ئارەزووە ڕاستەقینەکانی خۆت کەوتوویت، یان تەنیا بە دوای تارماییەکدا دەڕۆیت؟ هەموو ئەمانە وەک کارەکانی پێشووی نووسەر لە فەزایەکی پڕ ڕووداو و پڕ لە چاوەڕوانیدا ڕوودەدەن.

مەریوان هەڵەبجەیی گوتیشی: "بە داخەوە چەند پەرەگرافێکی سانسۆر کراوە و هەر لەبەر ئەوەش نزیکەی ساڵێک چاوەڕوانی مۆڵەتی چاپم کرد. بەڵام ئەوەی جێگای خۆشحاڵییە، ئەو چەند پەرەگرافە هێندە زۆر نییە زیان لە ڕۆمانەکە بدات".

پێشتر هەریەکە لە ڕۆمانەکانی: دواهەمین هەناری دونیا، جەمشید خانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد و ئێوارەی پەروانەی بەختیار عەلی بە زمانی فارسی بڵاوبوونەتەوە.

پالپ یەکێک لە بەناوبانگترین دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەیە لە ئێران و تا ئێستا بانگهێشتی زۆر لە نووسەران و فەیلەسووفانی جیهانی کردووە، لەوانەش: پۆڵ ریکۆر و تزیتان تۆدۆرۆف و خانمی ڕەخنەگری بەناوبانگی ئەڵمانی ڕادیش، هەروەها ئەدۆنیس و چەند ساڵێکیشە دەیەوێت بەختیار عەلی بانگهێشتی ئێران بکات.

مەریوان هەڵەبجەیی لەوبارەیەوە گوتی: "بەداخەوە کاک بەختیار تا ئێستا ئەو دەرفەتەی بۆ نەڕەخساوە. بەڵام بەڵێنی داوە لەمساڵدا دەرفەت بڕەخسێنێ و بێت بە دەم بانگهێشتەکەیانەوە".

# مزگین حەسکۆ دیوانە نوێیەکەی بڵاودەکاتەوە




■ ئا: ئەدەب و کولتوور

هەڵبەستڤانی کورد مزگین حەسکۆ، حەوتەمین کتێبی خۆی کە دیوانێکی شیعرییە بەناوی (ڕێگەهێن کەسکین) لە ئەڵمانیا بڵاوکردەوە.

مزگین حەسکۆ بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ڕێگەهێن کەسکین لە 39 کورتە شیعر و دوو شیعری درێژ پێکدێ. دوو شیعرە درێژەکە نیشتیمانین، یەکێکیان بەناوی باڵی بەستراوە، دووەمیشیان کە تایبەتە بە شاری کەرکووک، بەناوی دەرگاکانی شار دابخەن".

حەسکۆ هەروەها گوتی: "هەوڵم داوە، بە فۆرم و تەکنیکێکی تازە شیعرەکانم پێشکەش بە خوێنەرانم بکەم. هۆنراوەکانم کورتن، بەڵام دوورن لە لاساییکردنەوەی شیعری هایکو. بۆیەش هەڵبەستەکانی ئەمجارەم بە کورتی نووسیون، بۆ ئەوەی خوێنەر لە خوێندنەوەیان بێزار نەبێ".

مزگین حەسکۆ ساڵی 1973 لە شاری قامشلۆی ڕۆژئاوای کوردستان لەدایکبووە. لە ساڵی 1996ـەوە لە ئەڵمانیا دەژی. تا ئێستا شەش پەرتووکی بڵاوکردووەتەوە. لەوانەش: پیتەکانی ئەوین. لە نێو هەناسەکانی ئازاردا، بەرەو وەرزی خۆشەویستی.

# لە هەولێر ژمارەیەك نووسەر و شاعیر خەڵات دەكرێن




■ ئا: ئەدەب و کولتوور

ماڵی کتێب کە بەهاری ئەمساڵ لە هەولێر دامەزراوە، لە دووەم چالاکیدا ژمارەیەک شاعیر خەڵات دەکات و چوار کتێبی شیعریش بڵاودەکاتەوە.

زانا خەلیل، یەکێک لە سەرپەرشتیارانی دەستەی بەڕێوەبردنی ماڵی کتێب بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ماڵی کتێب لە دووەم چالاکیدا ژمارەیەک شاعیر خەڵات دەکات و چوار کتێبی شیعری نوێ بڵاو دەکاتەوە و کۆڕێکی شیعریش سازدەکات".

چالاکییەکە کاژێر 5:30 خولەکی ئێوارەی ڕۆژی 25/6/2019 لە باخچەی یەکێتی نووسەرانی هەولێر بەڕێوەدەچێت و چوار کتێبەکە بە واژۆی شاعیرەکان بڵاودەکرێنەوە.

زانا خەلیل گوتیشی، لەم چالاکییەدا کۆڕێکی شیعر و میوزیک سازدەکرێت و سێ لەو شاعیرانەی کتێبیان بۆ چاپکراوە شیعر دەخوێننەوە، لەوانە سمکۆ محەممەد، سەروین دەروێش و هێمن زەندی، جگە لە جەلال بەرزنجی، نووسەر و شاعیر کە وەک میوانی ئەو چالاکییە ئامادە دەبێت و شیعر دەخوێنێتەوە.

ڕوونشیکردەوە، ماڵی کتێب بەردەوام دەبێت لە ئەنجامدانی چالاکیی ئەدەبی و چاپکردنی کتێب و بڕیارە لە مانگی داهاتوو چوار کتێبی دیکە چاپ و بڵاوبکاتەوە.

لەم چالاکییەدا کاکەمەم بۆتانی، کەریم دەشتی، جەلال بەرزنجی، هاشم سەڕاج، دڵشاد عەبدوڵڵا، سەباح هورمز، مەسعود پەرێشان، موحسین ئاوارە، سەعدوڵڵا پەرۆش و ئیسماعیل بەرزنجی خەڵات دەکرێن، هەروەها خەڵاتی ڕێزلێنانی هونەری

پێشکەش بە سینەماکار وەلید مەعروف دەکرێت.

# ڕۆمانەکەی سەلیم بەرەکات لەسەر جووەکانی قامشلوە




■ ئا: بەسام مستەفا

شاعیر و نووسەری کوردی عەرەبینووس سەلیم بەرەکات، ڕۆمانە نوێیەکەی بڵاوکردەوە کە ناوەڕۆکەکەی باس لە جووەکانی قامشلوی ڕۆژئاوای کوردستان دەکات.

ڕۆمانەکە کە 566 لاپەڕەیە، بە زمانی عەرەبی بەناوی (ماذا عن السيدة اليهودية راحيل؟؟) لەلایەن دەزگای عەرەبی بۆ لێکۆڵینەوە و بڵاوکردنەوە، بڵاوکرایەوە.

سەلیم بەرەکات لەو ڕۆمانەدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منداڵی و بە نێو کوچە و کۆڵانەکانی قامشلودا گوزەر دەکات. باسی پێکەوە ژیانی کورد، جوو و ئەرمەن و پێکهاتەکانی دیکەی ئەو شارە دەکات، پێش ئەوەی بەعسی سووری دەسەڵات بگرێتە دەست و ئەو پێکەوە ژیانە تێکبدات. ئەو بە وردی باس لەوە دەکات کە چۆن ژمارەی جووەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە قامشلو کەمدەبوونەوە، ئەویش بەهۆی پیلانگێڕیی حیزبی بەعس کە جووەکانی قامشلوی ناچار کرد دواجار خۆیان لە گەڕەکی بروکلین لە نیویۆرک ببیننەوە.

هەر لەو ڕۆمانەدا باسی جووەکانی قامشلو دەکات لە پاش شەڕی حوزەیرانی 1967 لە نێوان عەرەب و ئیسرائیل. دوای ئەوەی بەعسی سووری لەو شەڕە شکستی هێنا، تۆڵەی ئەو شەڕەی لە جووەکانی قامشلو کردەوە و ناچاری کردن بەرەو ئیسرائیل کۆچ بکەن و پاشان دەستی بەسەر ماڵ و موڵکیاندا گرت.

سەلیم بەرەکات ساڵی 1951 لە گوندی مۆسیسانەی سەر بە شاری عاموودای ڕۆژئاوای کوردستان لەدایکبووە. ساڵی 1970 بۆ خوێندنی ئەدەبی عەرەبی چووەتە دیمەشق، بەڵام تەنیا یەک ساڵ لەوێ خوێندی. پاشان ڕووی کردە بەیروت و تا ساڵی 1982 لەوێ مایەوە، دوای ئەوە ڕووی لە قوبرس کرد. لە ساڵی 1991یشەوە لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوێد دەژی. ساڵی 2018 خەڵاتی ماکس جاکۆبی لە فەرەنسا وەرگرت.



# پێرسیوس، کوڕی بارانی زێڕ

## گێڕانەوەی فەلسەفی لە ئوستوورەکانی یۆنانی کەونارا

میشێل پیکماڵ

وەرگێڕانی: کیشوەر پیرۆتی

ئەکریسیوس ، پاشای ئارگۆس ، کچێکی هەبوو ناوی دانائێ بوو. ئەو، زۆر بەوە خەمبار بوو کە کوڕی نییە. ڕۆژێکیان چوو بۆ پەرستگەی دێلفای، تا بزانێ لە چارەنووسیدا نووسراوە کوڕێکی دەبێت، یان نا. بەڵام بەداخەوە پێشبینیکەری پەرستگەکە چارەنووسێکی سامناکی بۆ ئاشکرا کرد. خەبەرە ناخۆشەکە هەر ئەوە نەبوو کە کوڕی نابێت، بەڵکو لەوەش خراپتر ئەوە بوو کە بە دەستی دانائێی کچی دەکوژرێت و ئەگەر دانائێ نەیکوژێت، ئەوە کوڕەکەی دانائێ دەیکوژێت.

ئەکریسیوس نەگەیشتە ئەنجامێکی دروست و نەیتوانی بڕیارێکی ئاقڵانە بدات. تەنیا بۆ ئەوەی پێش بەو چارەنووسە نەگریسە بگرێت، دانائێی کچی لە تاوەرێکی بێپەنجەرەدا زیندانی کرد، تەنیا خزمەتکارێک مافی ئەوەی هەبوو بچێت بۆ لای و خواردنی بۆ ببات. بەم جۆرە ئیدی کچەکەی منداڵی نەدەبوو.

بەڵام زیوس بەزەیی بەو گەورە کچەدا هات کە دەبوو تاهەتایە لەو تاوەرەدا زیندانی بێت. زیوس بوو بە بارانی زێڕ و داباری و لە دیواری تاوەرەکەوە دزەی کردە نێو تاوەرەکە و لەگەڵ دانائێ تێکەڵ بوو، لەو تێکەڵبوونەش کوڕێک لەدایک بوو بە ناوی پێرسیوس .

تا چەند مانگ لەدایکبوونی ئەو کوڕەیان هەر دەشاردەوە. بەڵام دەنگی گریانی ئەو ساوایە تاهەتایە نەدەشاردراوە. کە ئەکریسیوس بە لەدایکبوونی منداڵەکەی زانی، تووڕە بوو و لە چۆنیەتیی لەدایکبوونی منداڵەکەی کۆڵییەوە. دانائێ بەسەرهاتی زیوس و بارانی زێڕی بۆ گێڕایەوە، بەڵام ئەکریسیوس نەیدەویست باوەڕ بەو قسانە بکات، تەنیا ئەوەندەی دەزانی کە ئەو کەسەی لەدایک بووە، ئاخرییەکەی هەر دەیکوژێت. کەواتە بۆ پاراستنی خۆیشی بووایە، دەبوو ئەو منداڵە لەنێو بچێت. بەڵام دیسان نەیتوانی بەدروستی بڕیار بدات و، بەباشی دەیزانی خوداوەندەکان زۆر بەسەختی ئەو کەسانە سزا دەدەن کە ستەم لە منداڵەکانیان دەکەن.

ئەکریسیوس سندووقێکی گەورەی لە دار دروستکرد و دانائێ و کوڕەکەی لەنێو ئەو سندووقە خست. پاشان بە کەشتییەکی گەورە بردنی بۆ نێوەڕاستی دەریا و لەنێو ئاوەکەدا بەجێیهێشتن. بەم شێوەیە ئەو سزایەی ئەکریسیوس نەیدەتوانی جێبەجێی بکات، زەریا جێبەجێی دەکرد. زیوس دیسان کەرەمی کرد و ڕزگاری کردن. سندووقە دارینەکە دەبوو نوقم ببووایە، بەڵام بەسەر ئاوی دەریاوە مایەوە و نوقم نەبوو. سندووقەکە دەبوو بەهۆی تۆفانی دەریاوە نوقم بێت، بەڵام تۆفان سندووقەکەی بەرەو کەناری لماویی دوورگەیەک ڕادا و ماسیگرێک سندووقەکەی دۆزییەوە. ماسیگرەکە کە ناوی دیکتیس بوو، پیاوێکی ئازا و باش بوو. چونکە ژنەکەی منداڵی نەدەبوو، دانائێ و کوڕەکەی وەک منداڵی خۆی هەڵگرتنەوە و بردنی بۆ ماڵەکەی خۆی، تا لە ئاسایش و ئارامیدا بژین.

چەند ساڵ تێپەر بوو. پێرسیوس بوو بە لاوێکی بەهێز و جوانچاک. دانائێش ژنێکی جوان و سەرنجڕاکێش بوو. پۆلیدێکس ، برای دیکتیس پاشای ئەو دوورگەیە بوو. ئەو ئاشقی دانائێ دەبێ و بڕیار دەدا زەماوەندی لەگەڵ بکات. بەڵام کوڕەکەی دانائێ ئاستەنگ بوو. بۆیە کەوتە فکری ئەوەی بە فێڵێک لەکۆڵ خۆی بکاتەوە. داوای لە خزمەتکارەکانی کرد، باسی ئەو دێوە بۆ پێرسیوس بکەن کە لە دوورگەیەکی نەناسراوە و شا بە ئاواتەوەیە سەری بەدەست بێنێت. ناوی ئەو دێوە مێدیوسا بوو. شا لەو میوانییە گەورەیەی ڕێکیخستبوو، باسی زەماوەندی ئایندەی خۆی کرد و لە یەک بەیەکی خانەدانەکانی ئامادەی میوانییەکەی پرسی، چ دیارییەکی پێشکەش دەکەن. هەر کامە و باسی ئەسپی چاک و زرێیەک کە بە زەریفی شتی لەسەر هەڵکەندرابێت و سندووقی زیوین و ... ئەوانەیان دەکرد.

کە نۆرەی پێرسیوس گەییشتێ، پۆلیدێکس بە تانەوە لێی پرسی: ''ئەدی تۆ ماڵبەکۆڵ! تۆ چ دیارییەک دێنی؟'' پێرسیوس کە هەستی بریندار ببوو، کەوتە داوی شاوە و گوتی: ''من سەری مێدیوسات بۆ دێنم. دەزانم هەمیشە ئارەزووت ئەوە بووە سەری ئەو دێوە بەدەست بێنیت.''

هەموو خانەدان و نەجیبزادەکان گاڵتەیان پێکرد و پێیان کەسێکی لەخۆبایی بوو، کە پێیوایە دەتوانێ دێوێکی ئاوا بکوژێت. مێدیوسا یەکێک بوو لە سێ گۆرگۆنەکان . گۆرگۆنەکان، بوونەوەرانێکی شەیتانسیفەت بوون کە جەستەیان بە ماری تێکهاڵاو داپۆشرابوو. هەرکەسێک وێرابای چاو لەو بوونەوەرانە بکات، هەر خێرا دەبوو بە بەرد. هەرکەسێکیش بڕیاری دابا بچێتە شەڕی ئەو بوونەوەرانە، ئەوە بەرەوپیری مردن دەچوو.

سەرباری ئەوەش، پێرسیوس بەڵێنەکەی خۆی بردە سەر. هەر ئەو شەوە بۆ دۆزینەوەی ئەو گۆرگۆنە پرنهێنییە کەوتە ڕێ. بەڵام زۆر زوو گەرانەکەی لێ بوو بە سەرگەردانییەکی درێژ، چونکە لە هیچ شوێنێک هێلانە و کولیتی ئەو بوونەوەرانە نەدەدۆزرایەوە. لەبەر ئەوە زیوس بەهانای کوڕەکەیەوە هات. هێرمس، خوالەی پەیامهێنی نارده شوێن پێرسیوس تا لە دۆزینەوەی دێوەکاندا یارمەتیی بدات. هێرمس گوتی: ''وەرە نەعلە باڵدارەکانی من ببە و پێیانەوە بچۆ بۆ لای گرێکان (ژنە بەساڵاچووەکان). تەنیا ئەو جادووبازە پیرانە دەزانن لە کام ڕێوە دەتوانی بچی بۆ لای گۆرگۆنەکان، چونکە ئەوان خوشکی یەکدین. بەڵام ئاگادار بە! چونکە گرێکان تەنیا یەک ددانیان هەیە و بە نۆرە دەیدەن بە یەکتری و هەرکامیان ئەو ددانەی پێبێت، هەرکەس بچێت بۆ لای دەتوانێ بە یەک قەپاڵ بیکرۆژێ و قووتی بدات و یەک چاویشیان هەیە، کە بە نۆرە دەیدەن بە یەکتر. هەڵبەت شانسی تۆش هەر لەوەدایە کە بە هەموویان هەر یەک چاو و یەک ددانیان هەیە. دەبێ لە کاتێکدا بچی بۆ لایان کە چاویان نەبێت.''

کە پێرسیوس گەیشتە ئەو ئەشکەوتە بۆگەنیوەی گرێکانی تێدا دەژیا، خۆی لە تاریکیی ئەشکەوتەکەدا شاردەوە. پاشان لەو چرکەیەدا دەستی یەکێک لەو گرێیانەی پەڕاند کە خەریکبوو چاوی دەدایە دەست خوشکەکەی دیکەی. لەسەر پێشنیارەکەی هێرمس بۆ ئەوەی چاوەکەیان بداتەوە، گرێوی لەگەڵ کردن. گرێکان بۆ ئەوەی بینایان بەدەست بێننەوە، ناچار بوون بەپێچەوانەی خواستی خۆیان ڕێگای گەیشتن بە گۆرگۆنەکانی بۆ ئاشکرا بکەن.

ئێستا ئیدی پێرسیوس حەشارگەی سێ خوشکەکەی دەزانی، بەڵام بە دەستی بەتاڵ نەیدەتوانی ڕووبەڕوویان بێتەوە. خوالەکان پێکەوە یەکگرتوو بوون، تا یارمەتیی پێرسیوس بدەن. ئەسینا کە ڕقی لە گۆرگۆنەکان بوو، زرێ زیوینەکەی خۆی پێدا و پێشنیارێکی بەنرخی بۆ کرد: ''کە لەگەڵیان بەشەڕ هاتی، ڕووبەڕوو تەماشای ئەو جادووبازە ترسناکانە مەکە، دەنا هەر بە تەماشاکردن دەتکەن بە بەرد. ئەو زرێیەی پێمداوی وەکو ئاوێنە بەکاری بێنە، با تەنیا وێنەکەی ببینی.''

هێرمسیش نەعلەکانی خۆی لای پرسیوس بەجێهێشت، تا پێیبێت و دوو جادووی دیکەیشی پێدا؛ کلاوێکی پێدا کە ئەگەر لەسەری کردبا نەدەبینرا، کیسەیەکی گەورەیشی پێدا کە خێرا دەبووە ئەندازەی ئەو شتەی دەخرایە نێویەوە.

بەم جۆرە پێرسیوس هەتا دوورگەی گۆرگۆنەکان هەڵفڕێ. کە گەییشتە ئەوێ، گۆرگۆنەکان لە خەودا بوون. ئەو توانی بەبێ ترس و دڵەڕاوکێ لە زرێکەی ئەسینادا تەماشایان بکات. جەستەی ئەو بوونەوەرە بێزارکەرانە بە ماری تێکهاڵاو داپۆشرابوو. نینۆکە برۆنزەییەکانیان وەکو چنگی تیژی باڵندە ڕاوکەرەکان وابوو. بەڵام لە هەمووی ترسناکتر قژیان بوو، هەر تاڵە قژێکیان مارێک بوو. تاڵە گەورەکانی قژیان کە هەر تاڵەیان مارێکی گەورە بوو، لە جێی خۆیان هەڵدەستانەوە و دەتلانەوە و خۆیان ئامادە دەکرد بۆ پێوەدان.

ئەسینا، پێرسیوسی لە ناسینەوەی مێدیوسا ڕێنوێنی کرد، چونکە مێدیوسا بمر بوو. لەبەر ئەوە، پێرسیوس توانی بە یەک زەربەی شمشێر سەری لە جەستەی بکاتەوە. پاشان لە زرێکەدا تەماشای سەری دێوەکەی کرد و سەرەکەی خستە نێو کیسەکەی هێرمسەوە و خێرا زارکی کیسەکەی قایم کرد. دوو گۆرگۆنەکەی دیکە لەبەر دەنگەدەنگ وەخەبەر هاتن و لەترسان کردیانە هاتوهاوار. بەڵام نەیانتوانی پێرسیوس بگرن، چونکە پێرسیوس کلاوەکەی لەسەری نا و نەدیو بوو و لەبەرچاوان دیار نەما.

پێرسیوس بەهۆی کەرەمی خوالە پارێزەرەکانییەوە سەرکەوت و لەوە بەدواوە کۆمەڵێک چەکی هەبوو کە دەیتوانی لە هەموو شوێنێکی دیکەش بەکاریانبهێنێ. ئەو، دیسان پێویستی بەو چەکانە هەبوو، چونکە کە گەڕاوە ئەو دوورگەیەی لێی دەژیا، هاوڕێکانی لەو ئاڵۆزی و پشێوییەی کەوتبووەوە، ئاگاداریان کردەوە. دانائێی دایکی قبووڵی نەکردبوو مێرد بە پۆلیدێکس بکات و بۆ ئەوەی لەچنگ شا ڕزگاری ببێت، ناچار ببوو لەگەڵ دیکتیس ڕابکات.

پێرسیوس چوو بۆ کۆشک. پۆلیدێکس لەگەڵ هاوڕێ ڕیاباز و ماستاوچییەکانی لەسەر مێزی ناخواردن دانیشتبوو. پێرسیوس دیارییەکەی دا بە شا. شا سەری مێدیوسای لە کیسەکە دەرهێنا و لەپڕدا خۆی و هەموو میوانەکانی بوون بە بەرد. بەمجۆرە هەموو خەڵکی دوورگەکە لەو شا زاڵمە ڕزگاریان بوو. خەڵکەکە ویستیان دەسەڵاتی شا بدەنە دەست پێرسیوس، تا بەو شێوەیە سوپاسی بکەن. بەڵام پێرسیوس پێی باشتر بوو دیکتیس ببێت بە شا و بۆخۆی بگەڕێتەوە بۆ یۆنان، تا بەڵکو باپیرەی ببینێت و بەهیوا بوو لای هەمووان ئاشکرا بێت کە ئەو پێشبینییە ناپەسندە ڕاست نەبووە. بەڵام بەداخەوە کە ئەکریسیوس خەبەری هاتنەوەی پێرسیوسی بیست، هەموو شتێکی وێڵ کرد و هەڵات لە سووچێک خۆی شاردەوە. لەبەر ئەوە پێرسیوس نەیتوانی بەوجۆرەی کە ئارەزووی بوو، پێوەندییەکی دۆستانە و بەسۆز لەگەڵ باپیرەی پێکبێنێت. چەند ساڵ دوایی کە پێرسیوس لە گۆڕەپانی کێبڕکێی هەڵدانی قورسایدا قورسایەکەی هەڵدەدا، بایەکی توند هەڵیکرد و قورساییەکەی بە لای جەماوەرەکەدا لار کردەوە. قورساییەکە زۆر بەتوندی بە سەری یەکێک لە سەیرکەرەکان کەوت. ئەو کەسە ئەکریسیوس بوو، دەستبەجێ گیانی دەرچوو. ئەمجارەش پێشبینییەکەی پێشبینیکەرانی پەرستگەی ئاپۆلۆن وەڕاست گەڕا.

### شرۆڤەی فەلسەفی

پاڵەوانی ئوستوورەکانی یۆنان زۆر جاران بارودۆخێکی تایبەتیان هەیە. ئەوان بەهۆی پێوەندیی نێوان خوالەیەک و مرۆڤێک دروست دەبن، لەبەر ئەوە بوونەوەرانێکی نیمچە خوالەیین. ئەوان بەهۆی ئەو ڕووبەڕووبوونەوە و کێشمەکێشانەی تووشی دەبن، دەبنە خاوەنی نیوەکەی تری خوالە، کە پێشتر لێی بێبەری بوونە. بێگومان ئەو گەڕانە سەرەتایی و بەراییە، هێمایەکە بۆ ئەو پێویستییەی هەموومان لە سەردەمی لەدایکبوونمانەوە هەمانە؛ پێویستیی گەیشتن بە پلەبەرزی و هەڵبژادەکانمان لە ژیاندا، تا لە ئەنجامدا ببین بە ژن و پیاوێکی فراژیبوو.

کە بەسەرهاتەکانی هاری پۆتەر، یان ئەربابی ئەڵقەکان دەخوێننەوە، زۆر بیر لە ئوستوورە یۆنانییەکان ناکەنەوە. سەرباری ئەوەش، ئەو ڕۆمانانە، هەموویان قەرزداری پاڵەوانەکانی یۆنانی کەونارن. ئەو ئوستوورانە کانگایەکی گەورەی ئەو بارودۆخ و فرتوفێڵ و پیلانانەن کە بە ئانقەست بێت یان نا، سەرچاوەیەکی ئیلهامن بۆ بوونەوەرەیلی ئەمرۆیی. سەرنج بدەنە ئەو نموونانە: کلاوێک کە مرۆڤ نەدیو دەکات، ئەو پێڵاوانەی هەڵدەفڕن، شمشێری جادوویی، ئەو پێشبینییەی ناتوانی لە دەستی ڕا بکەی، ئەو مرۆڤانەی دەبن بە بەرد، گرێ جادووبازەکان، ئەو قژانەی هەر تاڵێکیان مارێکە... بەشێک لە سەرچاوە و بنەمای پاڵەوانە ئەفسانەییەکانی ئەمرۆ لە ئوستوورەکانی یۆنان وەرگیراون.

# چیرۆکی کوردی و ملکەچێتی بۆ گوتارە ئایدیۆلۆژییەکان

ئەمجەد غوڵامی



تەمەنی چیرۆکی کوردی زۆر لەوە کەمترە کە بتوانی باس لە خەسارەکان و کەمایەسییەکانی بکەی، هەروەها زۆر کەمتر و درەنگترە لەوەی بۆتیقایەکی بۆ دەستنیشان بکەی. لە هەردوو حاڵەتدا چیرۆکی کوردی بە هۆی هاوکاتێتی لەگەڵ سازبوونی گوتارە جۆراوجۆرەکانی ئایدیۆلۆژیی ناو جۆگرافیای کوردستان و ئەو گوتارانەی بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەروەستیان بە بارودۆخی کوردستانەوە بوو، ناچار بووە گیرۆدەی جۆرێک ملکەچی لە بەرامبەر پرسە تیۆرییەکان و گوتارە زاڵەکان بێ و نەتوانێ ڕەوتی لۆژیکی/مێژوویی خۆی بپێوێ و هەر ئەمەش بووە بەهۆی دابڕانی ئەدەبی گێڕانەوەی کوردی لە سەرچاوە فۆلکییەکانی ناو حەقایەت و بەیت و بەسەرهاتە مێژووییەکان و تەنانەت ئەو سەرەتا نووسیارەی کە کەسانی وەک مەلا مەحموودی بایەزیدی سەردەستەی بوون. لە هەمان کاتدا ئاڵۆزی و ئیشکردن بە کەسایەتی تایبەتیگەرانە و گشتخوازانە و گەلێ جار فرەکردەوە لەناو کەشێکی بێ زەمانی و بێ مەکانی، بە گەلاڵەیەکی شپرزە و بێبەری لە ڕووداوی چیرۆکئاسا دەسکەوتی ئەو شێوە لە ملکەچێتی چیرۆکی ئەم دەڤەرە بووە و هەر خۆیشی بووەتە هۆی جۆرێک بێناسنامەیی.

کەواتە ئەو دیکتاتۆریەتە لە گێڕانەوە کە گەلێ جار وەک خەسارێک باسی لێ دەکرێ دەرئەنجامی دۆخێکی پاسیڤ و ترسنۆک و شەرمێونە کە بۆ گێرانەوە یان نەگێرانەوەی شتەکانی ناو جیهانی خۆی بەردەوام ئیزن لە ئەویترێک وەردەگرێ کە لە ڕێگەی گوتاری کۆمەڵایەتی و تیۆرییەوە خۆی بەسەر چیرۆکی کوردیدا سەپاندووە و هیچکات ئەو دەرفەتەی بەم نۆرمە نەداوە کە بتوانێ لە ناو فیلدێکی سەربەخۆدا و تەنیا بۆ مەراقی گێرانەوە ئیش بکا و بتوانێ لە لای خۆیەوە ئاراستەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ فیلدەکانیتر دەستنیشان بکا و بەردەوام تاوانبار کراوە بەوەی نەیتوانیوە وەڵامدەری ئەو حەقیقەتە بێت کە لە دەرەوەی چیرۆک ئامادەیە و دەبێ چیرۆکنووس لە یەکە یەکەی ڕستەکانیدا بەکاری بهێنێ و بەسەری بکاتەوە.

بە گشتی پەپکەخواردنی ئەو جیهانە تەنگەبەرە بە هاوێری چیرۆکەوە، بووەتە هۆی ئەوەی کە چیرۆکنووس بە ژێستێکی ڕۆشنبیرانەوە، زۆرتر وەک دەمڕاستی سیاسەت و مامۆستایەکی ئەخلاقی دەرکەوێ و هەر ئەو شتانە لە زمانی کەسایەتییەکانی بگێڕێتەوە کە خۆی بڕوای پێیەتی، یان باشترە بڵێین ئەویترێک باوەڕی پێیەتی کە وەک گوتمان چیرۆکی لەناو ئەدگار و هابیتاسەکانی خۆیدا نغرۆ کردووە.

پێشکەوتنی جیهانی ئایدیۆلۆژی و تیۆری بە نیسبەتی دەقی گێڕانەوە، گەر نەڵێین بووەتە هۆی سازبوونی گوتارێکی ئەرباب و کویلەیی و مەیلێک بۆ بە فەرمی ناسران، ئەوا بووەتە هۆی سڕینەوەی نەریتێک کە وەک ڕۆح و ناوی باوک تەژییە لە ئۆبژەکانی مەیل و هەر خۆی لە ڕێگەی حافیزەوە سەرچاوەی سەرەکی گێرانەوەیە. چونکە ڕێک بەو ئەندازەی کە گوتارە زاڵەکان حەزیان لە نامێژوومەندی و وەستاندنی زەمانی لە زەمانی هەنووکەییدا بووە، چیرۆکیش ناچارکراوە خۆی بە بەشداری تاوانی مەرگی باوک بزانێ و بۆ بە فەرمی ناسران، پێڕەو و ملکەچی مەیلێک بێت کە دەستی باڵای بووە لە دروستبوونی ئەو وەیشوومە مێژووییەی وەک ریچارد کێرنی دەڵێ: بەربەستێکی لەبەردەم گێڕانەوەی مێژوویی، چیرۆکی داتەکاندووە لە توانستی ڕووداومەندی و چیرۆکئاسابوون.

کەچی گەمەکە بەوە کۆتایی نایە، بەڵکوو پەیوەندیی نێوان ئەم دووە وەک پەیوەندییەکی مەرگخوازانە، هەر لە بنیاتی دەستپێکیانەوە هەڵگری هەوڵێکن بۆ پاساودان بە بوون و ئامادەبوونیان وەک فیزێک لە بەرامبەر ئەویترێکی گەورە کە تەنیا بە مەرجی زیندووبوونی ناوی باوک مانای هەیە. هەوڵێک کە زیاتر خراوەتە ئەستۆی چیرۆک هەتا بە مەبەستی قەرەبووکردنەوەی مەیلی فەوتاوی ئەو گوتارانە، ناچار بێ خۆی بکاتە بەستێنێکی لیریکایی کە کەسایەتییەکانی وەک ناوێکی گشتی و جوانیناسی کراوە، بیرهێنەرەوەی ناوی باوکێکن کە دوای مراندنی بووەتە ئۆبژەیەکی نامومکینی مەیل.


چیرۆکی کوردی لە وەها دۆخێکی جینایەتکارانەدا و لە ژێر قورسایی بەرپرسایەتی مەرگی باوک، بەردەوام خەریکی شینگێڕی و هەڵکێشانی هەناسەیەکی پڕسۆز و ڕقئەستوورانەیە بە نیسبەتی خۆی و کۆمەڵگای بەردەنگی و ڕەنگە هەر قورسایی ئەم بارەش بێ چیرۆکی کوردیی تووشی ئەو خەسارانە کردووە کە لە سەرەتای ئەم بابەتەدا ئاماژەیان بۆ کرا. کەچی گەر وەک سیمتۆمێک (Symtom) لە دۆخەکە بڕوانین، دەتوانین باوەڕ بێنین بەوەی کە ڕێگەی چارەسەری چیرۆکی کوردی گرێی خواردووە بە جۆرێک ئاگاداربوونەوەی خودی چیرۆک لە کەمایەسییەکان و چۆنیەتی یەکلابوونەوەی لەگەڵ مەیلی ئەویترێک کە ئەم بەسەرهاتەی بۆ ڕەخساندووە و تا ئێستا وای کردووە مەیلی چیرۆکی کوردی مەیلی گوتارە ئایدیۆلۆژییەکان و تیۆرییەکانی سەردەم بێ.

ئەم یەکلاکردنەوەیەش لەڕاستیدا تەنیا بە پەنابردنە بەر حافیزەیەک مومکینە کە هەم بە یاد (مێژوو و ریوایەتە مێژووییەکان) و هەم بە یادەوەری (ژیان و بەسەرهاتەکانی خۆی) دەوڵەمەندە و لە ڕێگای هەڵسوکەوتی بێشەرمانە و بێدڵەڕاوکە لەگەڵ ئەم دووە، واتە بە پاراستن و دووپاتکردنەوەیان، یادەوەرییەکی حیماسی دەخەملێنێ کە وەک بینامین دەڵێت: "سەرەکیترین توخمی ئیلهامدەری گێڕانەوەیە".

# یەکەم رۆژنامەی روو زەردی کوردی و بڵاوکەرەوەی "عێراقچێتی"

## ژیانەوە 1924_1926

سەلام ناوخۆش



**دەروازە**

لـە مێـژووی رۆژنامەگەریـی کوردیـدا ئامـاژە بـە رۆژنامـەی " کوردسـتان " دەکرێـت وەک یەکەمیـن رۆژنامـەی ئۆپۆزسـیۆنی کـوردی لـە دەرەوەی کوردسـتان. هەروەهـا ئامـاژە بـە رۆژنامـەی " پێشـکەوتن " دەکرێـت کـە یەکـەم رۆژنامـەی کوردیـە لـە کوردسـتان دەرچووبێـت . ئـەو هەمـوو "یەکەم"ـە پانتاییەکـی فـراوان لـە رۆژنامەگەریـی کـوردی دەگرێـت. لـەم کورتـە وتـارەدا دەمـەوێ رووناکـی بخەمـە سـەر یەکـەم رۆژنامـەی رووزەردی کـوردی لـە شـارێکی کـوردی، بنکـەی بەرخۆردانـی سـەدەی بیسـتەم .

**ناساندنی رۆژنامەی "ژیانەوە"**

لـە پـاش رۆژنامـەی "تێگەیشـتنی راسـتی" و "پێشـکەوتن"، ئینگلیـز یەکـەم رۆژنامـەی خـۆی بەنـاوی (ژیانـەوە) بـە قەڵەمـی کـوردی دەرکـرد. جەبـاری (1970،ل 86_87) دەربـارەی رۆژنامـەی ژیانـەوە دەنووسـێت: "رۆژنامەیەکـی وێژەیـی هەفتانـەی کـوردی بـووە، کاربەدەسـتانی میـری لـە 18\ 8\1924 لـە سـلێمانی دەریاندەکـرد، هـەر لەژێـر ئـەو ناونیشـانە مایـەوە و هەتـا رۆژی 14\1\1926 پەنجـا و شـەش ژمـارەی لـێ دەرچـوو . عومـەر (2001، ل 121) لـە ماسـتەرنامەکەیدا ئامـاژە بـە لەرزۆکیـی شوناسـی ئـەو تەنـە نامۆیـە لـە شـاری سـلێمانی دەکات کـە هەتـا درەنگانێـک نەیتوانیـوە لەسـەر پێناسـەیەک، لۆگۆیـەک لەنگـەر بگرێـت: لـە ژمارە یـەک ئـەم دەستەواژەیە نووسرابوو : (ئـەم غەزەتەیـە غەزەتەیەکـی حکومەتییـە هەفتـەی جارێـک دەردەچێـت)، کەچـی لـە ژمـارە شـازدە و حەڤـدە بـووە: (ئـەم غەزەتەیـە غەزەتەیەکـی حکومەتییـە و هەفتـەی دوو جـار دەردەچـێ) . لـە ژمـارە هـەژدە ئـەو دەسـتەواژەیە گـۆڕدرا و بـوو بـە (ئـەم غەزەتەیـە غەزەتەیەکـی سیاسـی، ئەدەبـی ئیجتیماعییـە، هەفتـەی دوو جـار دەردەچێـت) . لـە پاشـان لـە ژمـارە 20 هەتـا 56 کـە دوایـن ژمارەیـە، دەسـتەواژەکە بـووە: (ئـەم غەزەتەیـە غەزەتەیەکـی سیاسـی، ئەدەبـی، ئیجتماعییـە هەفتـەی یـەک جـار دەردەچـێ)".

بـە پێچەوانـەی عورفـی رۆژنامەنووسـی، رۆژنامـەی ژیانـەوە نـاوی سەرنووسـەری لەسـەر نەبـوو، بـەڵام لـە ژمـارە 37ەوە دەردەکەوێـت کـە جەمیـل سـائیب، دوژمنـی سەرسـەختی شـێخ مەحمـوود و نووسـەری نۆڤلێتـی (لـە خەومـا) سەرنووسـەری بـووە. ئـەو نۆڤلێتـە کـە دژ بـە ئایدیۆلۆژیای هـزری سیاسی شـێخ مەحمـوود بـوو، لـە ژمـارە 28 هەتـا دوا ژمـارەی ژیانـەوە بـە زنجیـرە لەوێـی بڵاوکـردەوە. هەروەهـا بەشـەکانی تـری لـە رۆژنامـەی ژیـان، جێگـرەوەی رۆژنامـەی ژیانـەوە، بڵاوکـردەوە.

ئـەوەی سـەیر و جێگـەی تێڕامانـە، رۆژنامـەی ژیانـەوە تەنهـا مانگێـک دوای رۆژنامـەی (ئومێـدی ئیسـتقلال) دەرچـوو. رۆژنامەکـە یەکـەم رۆژنامـەی کـوردی بـوو بـە زمانـی کـوردی قسـە و جنێـوی بـە شۆڕشـی کوردیـی ئەوسـا دەدا. لەمـە خەتەرناکتـر، یەکـەم رۆژنامـە بـوو باسـی لـە عێراقیبـوون و کوژاندنـەوەی سـەربەخۆیی دەکـرد، بـە دیـدی یەکـێ لـەو نووسـەرە کـوردە عێراقچیانـە، رۆژنامـەی ژیانـەوە سـەرەتای قۆناغێکـی نـوێ بـوو ! (عومـەر، ل 118). کەواتـە رۆژنامـەی ژیانـەوە چ وەک ئایدیۆلۆژیـای هـزری یـا سیاسـی تـەواو دژ بـە شـێخ مەحمـوود بـوو.

**ئینگلیز و رۆژنامەی ژیانەوە**

کـەس گومانـی لـەوە نییـە بزاڤەکـەی شـێخ مەحمـوود نیمچـە بنەماڵەیـی و دەرەبەگـی بـوو . زۆر گرینگیـش بـوو چاوێکـی رەخنەیـی بـۆ رەوشـەکە هەبێـت بـۆ ئـەوەی تەنیـا لـە نوخبەیەکـدا قەتیـس نەبێـت، بـەڵام مەسـعود محەممـەد گوتەنـی خـودی فیودالـی وەک سیسـتەم لـە نێـو کـورددا نەبـووە، هەنـدێ نوخبـەی منـەوەر لـە وردە بـۆرژوای کـورد چەنـد هێنـدەی بنەماڵـەی ناوزەدکـراو بـە دەرەبـەگ یـان مـەلاک و زەویـدار، هەنـدێ لەوانـە ژیانـی خۆیـان کردووەتـە قوربانـی "کوردایەتـی"، کەچـی زۆر وردە بـۆرژوا و منـەوەری کـورد ژیانـی خۆیـان کردووەتـە قوربانـی "عێراقچێتـی"، بـە نیـازی ئـەوەی سـەنترالیزم ، لیبرالیـزم یـان سۆشـیالیزمی بـۆ بـە بەرهـەم بهێنـێ.

ئینگلیـز خـۆی لـەو وردە بـۆرژوا و منـەوەرە کـوردە دەگـەڕا، هـەر بۆیـە جەمیـل سـائیب هـەر چەنـد هەفتەیـەک دوای کەوتنـی سـلێمانی، کەرکووکـی بەجێهێشـت و گەڕایـەوە سـلێمانی، مانگێـک دواتـر رۆژنامـەی ژیانـەوەی دەرکـرد (عومـەر 2001، ل 162).

ئینگلیـز درکـی بـەوە کـرد کـە بـە رۆژنامـەی وەک تێگەیشـتنی راسـتی و پێشـکەوتن ئامانجـی خـۆی لـە سـلێمانی ناپێکـێ، بۆیـە بیـری لـەوە کـردەوە بـە "منـەوەر"ی کـورد لـە نوێنـەری سیاسـی کـورد بـدات. تـۆ سـەیر بکـە تەنهـا یـەک مانـگ لـە نێـوان کەوتنـی "ئومێـدی ئیسـتقلال" و " ژیانـەوە" هەیـە (جەبـاری 1970 ، ل 86) هەروەهـا (خەزنـەدار و زەنگەنـە 2011 ،ل 39) دەنووسـن: پـاش داگیرکردنـی شـاری سلێمانی لـە مانگـی تەمـووزی 1924، رۆژنامـەی "ئومێـدی ئیسـتقلال" پەکـی کـەوت و رۆژنامەگەریـی سیاسـی لـە کوردسـتانی باشـوور لەبـەر چـاوان نەمـا و بـزر بـوو..."

راسـتە رۆژنامـەی ئومێـدی ئیسـتقلال زمانحاڵـی حکومەتـی شـێخ مەحمـوود بـوو، سەرنووسـەری نوێـی رۆژنامەکـە، حسـێن نـازم، هـەم وشـەی "سیاسـی" لەسـەر رۆژنامەکـە لابـرد، هەمیـش لـە ژمـارە چـواردەوە ویسـتوویەتی خـۆی لـە گێچەڵـی سیاسـەت دوور بگـرێ، وەک لـە نووسـینەکەی لـە ژمـارە چـواردەدا هاتـووە: "تەعـەروزی سیاسـات ناکـەم، مەباحیـس و مەقالاتێـک کـە لزومـی بـێ بـۆ سیاسـەت و سـەلامەتی مەملەکـەت قبـووڵ و دەرجـی ناکـەم "!

سیاسـەتی ئینگلیـز ئـەوە بـوو شـتێک نەبـێ بەنـاوی "حکومەتـی کـوردی "یـەوە، بەڵکـو سـلێمانی وەک شـارەکانی دیکـە ببێتـە بەشـێک لـە دەوڵەتـی عێـراق، بـا بزانیـن رۆژنامـەی ژیانـەوە چـۆن ئـەو سیاسـەتەی ئینگلیـزی بـە زۆربـەی منـەوەری کـورد لـە کوردسـتان بەرجەسـتە کـرد.

ئـەو رۆژنامەیـە سـەرەتای مۆتەکـەی لکاندنـی باشـووری کوردسـتانی بـە عێراقـەوە لێکەوتـەوە، بـە جۆرێـک وەک خەزنـەدار و زەنگەنـە دەنووسـن: "بـە کەوتنـی ئومێـدی ئیسـتقلال و دەرچوونـی ژیانـەوە، رۆژنامەگەریـی سیاسـی لـە کوردسـتانی باشـوور لەبـەر چـاوان نەمـا و بـزر بـووە"، جارێکـی تـر ئینگلیـز و عێـراق بـە درۆش ئاماژەیـان بـۆ دەوڵەتـی کـوردی نەکـرد.

لـە مەسـەلەی لکاندنـی باشـووری کوردسـتان بـە عێراقـدا، زۆربـەی نووسـەرانی کـورد ئینگلیـز خەتابـار دەکـەن، بـە دەگمـەن ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکـەن کـە بەشـێک لـە منـەوەری کـورد ئامـرازی ئـەو سیاسـەتەی ئینگلیـز بـوون.

ئەمیـن (2002 ، ل 344) کتێبـی (ژیـان، بـە تەمەنتریـن رۆژنامـەی کـوردی) دەنووسـێت: "هـۆی بڵاوبوونـەوەی ئـەم غەزەتەیـە ئینگلیـز دەیویسـت بـە کـورد بڵێـت: ئێـوە تـازە بەشـێک دەبـن لـە عیـراق و دەبنـە هاوڵاتـی عیراقـی. گەرچـی ئـەو رۆژنامەیـە هەنـدێ داهێنانـی لـە ئەلفبێـی کـوردی کـرد، بـەوەی نیـگاری بـۆ دەنگـی کـوردی پێشـنیار کـرد، لەوانـە:

- پیتی (ژ) لە ژیانەوە.
- پیتـی (چ) لـە چاپخانـە، چاوپێکەوتـن، چـاو بکەنـەوە.
- پیتـی (پ) لـە پـێ و قـدم ، پارچـە پارچە..هتـد (ناوخـۆش 2019، ل 30)
- ئـەو خزمەتـە زمانەوانییـە هـەر بـۆ خۆڵکردنـە چـاوی خەڵـک بـوو، ئەگەرنـا وتارەکانـی هـەر بـۆ ناشـرینکردنی ئەزموونەکـەی شـێخ مەحمـوود بـوو. ئەمیـن (2002،ل 358-359 )چەنـد وێنەیـەک لـە نووسـینەکانی ژمـارە: (سـێ و پێنـج و بیسـتویەک...


(ژیان)
سال ـ ٣ ژمارە ـ ١٠٢
لاپرە ـ ١
ژیان
بو هر شتیك
: بە ناوی ادارەخانەوە اکری
خانە : لە بنای بلدیەدایە
زان : سلیمانی ژیان
یکی بە انەیکە
کریار
بە شش مانك سە
سالیك شش روپیەدەدا
بو دەرەوە بل ابونە
حوت روپە و نیوە
٦ مانك کمتر ابونە قید ناکری
اعلانات
دیریك ٦ انە دەسینریت
یکی بە انەیکە
هر شتیك انوسی هفتەی جاریك دردەچی غزتەیکی کوردیە

رۆژنامەی ژیان

هتـد دەربـارەی ناشـیرینکردنی شـێخ دەهێنێتـەوە:

- اخـو امجـارەش لـە پـاش ئەمانـەش چـاو ناکەینـەوە؟
- مودەتیـک بـۆ شـێخ مەحمـود و جەردەکانـی مەعییەتـی لـە تەعجیزاتـی بەعـزی فقیـر و فوقـەرا.
- حیشمەتئاب مەلیکە دروزنە.

ئـەو قسـانە نـوێ بـوون لـە کۆمەڵـگای کوردیـدا، بـەوەی بیرۆکـەی "رەخنـەی شـرۆڤەی ئاخاوتـن" ئەوهـا بـەر قـەرار بکـرێ، بەرژەوەنـدی سیاسـی وا بـکات زمانیـش بـە سیاسـی بکرێـت".

جەبـاری (1970، ل 86) دەربـارەی ئامانجـی رۆژنامەکـە دەنووسـێت: "رۆژنامـەی ژیانـەوە بـۆ سـوود و تەڵەکەبازیـی ئینگلیـز لەلایـەن چەنـد کەسـێکی بەکرێگیـراوەوە سەرپەرشـتی دەکـرا و وتـاری تێـدا دەنووسـرا". عەبدولرەقیـب یوسـفی شـوێنەوارناس پـاش زیاتـر لـە 30 سـاڵ لـە قسـەکەی جەبـاری، لـە لاپـەڕە 36ی کتێبـی (بەڵگەنامەکانـی حکومەتـی شـێخ مەحمـوود) بـاس لـەوە دەکات کـە پـاش حکومەتەکانـی شـێخ مەحمـوود (1918) و (1922-1924) ، زۆربـەی منـەوەرانـی کـورد لـە شـێخ کەوتنـە تەقـە، بـۆ نموونـە رۆژنامـەی (ژیـان)، کـە شـارەوانیی سـلێمانی سـاڵ و نیوێـک زیاتـر لـەو سـەردەمە بـەدواوە و لـە سـایەی حوکمـی پاشـایەتی عێراقـدا دەریکـردووە، بـە ناهـەق کەوتووەتـە ناوزڕاندنـی شـێخ و حکوومەتەکـەی..."

جگـە لـە جەمیـل سـائیب، نووسـەرانی نەیـاری شـێخ لـەو رۆژنامەیـە کۆبوونـەوە، هەندێـک بـە نازنـاو و هەندێکـی تـر بەنـاوی خۆیـان شـیعر و نووسـینیان بڵاودەکـردەوە، لەوانـە ئەحمـەد موختـار بەگـی جـاف، فایـەق بێکـەس، مەحمـوود جـەودەت، ئەحمـەد تۆفیـق و... هتـد (عومـەر 2001، ل121_122).


جەمیل سائیب- 1887 1951

**هۆکارەکانی دروستبوونی عێراقچێتی**

هـەر لـە سـەرەتای دروسـتبوونی دەوڵەتـی عێراقـەوە قسـە لەسـەر بیرۆکـەی عێراقچێتـی کـراوە، لـە هـەر قۆناغێکـدا شـتێک بـە هـۆکار زانـراوە بـۆ ئـەو بیرۆکـە نەزۆکـە:

**هۆکاری ئابووری**

ئابـووری شـادەماری سـەقامگیریی وڵاتـە. لـە وڵاتـدا دوو چیـن هـەن زۆر جێـگای متمانـەی سیاسـی نیـن، ئەوانیـش چینـی سـەرەوە و وردە بـۆرژوای سیاسـین. پیاوماقـووڵ و ئەشـراف خـاوەن پاڵپشـتییەکی ئابووریـن، بەرژەوەندیـی خۆیـان لـە سـەقامگیریی سیاسیدا دەبیننـەوە. رەفیق حیلمـی لە یاداشـتەکانیدا ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکات کـە ئەوانـەی باوەڕیـان بـە عێراقچێتـی هەبـوو، ئەشـراف و مـەلاک و توجـارەکان بـوون. لـە ئەنجامـدا پـاش لکاندنـی کوردسـتان بـە عێراقـەوە، ئەشـرافی بـێ وەتـەن، عەوامـی مەفتوونـی وەتـەن دروسـت بـوو .

پـاش شەشـی رەشـی ئەیلوولـی بـەر دەرگای سـەرا، چەنـدان شـاعیری وەک پیرەمێـرد، حەمـدی، بێکـەس و گـۆران و ...هتـد بـە شـیعر وەجـواب هاتـن، بـەڵام نایـب و ئەشـراف و مەلاکـی کـورد بـەرەو بەغـدا بەڕێکەوتـن.

**هۆکاری نەوت**

زۆر قسـە لەسـەر ئـەوە کـراوە کـە نەوتـی کەرکـووک هـۆکار بـووە بـۆ ئـەوەی ئینگلیـز کوردسـتان بـە عێراقـەوە بلکێنێـت.

**هۆکاری مەزهەبی**

سـەبارەت بـە عەرەبـی عێـراق، زۆربەیـان شـیعە مەزهەبـن، جـا بـۆ ئـەوەی ئینگلیـز پارسـەنگی سوننە لە عێراق بپارێزێت، کوردستانی بە عێراقەوە لکانـد، کـە زۆربـە سـوننە مەزهەبـن.

ئـەو سـێ هـۆکارە زۆر قسـەیان لەسـەر کـراوە، بـە جۆرێـک کتێبێکـی مێژوویـی کـورد نییـە ئامـاژەی بـەو



بەشـێک لـە بەیاننامەیەکـی دژ بـە شـێخ مەحمـوودی حەفیـد و سـەربەخۆیی کوردسـتان کـە لـە ژمـارە 17ی رۆژنامـەی (ژیانـەوە)دا بڵاوکراوەتـەوە

هۆکارانـە نەکردبێـت.

هـۆکاری منەوەربـوون، هۆکارێکـی کوردییـە بـۆ خۆبەسـتنەوە بـە عێراقـەوە. رەفیـق حیلمـی لـە بەشـی یەکەمـی یاداشـتەکانیدا دەنووسـێت: منـەوەر لای عەوامـی خەڵـک بێدینـەکان بـوون. ئەشـراف و نایبـی کوردیـش لای پیرەمێـردی شـاعیر "هـەرزە وەکیلـی شـاری خامۆشـان" بـوون.

فایـەق بێکـەس دەربـارەی منـەوەر و ئەشـرافی کـوردی دەڵێـت:

**منەوەر زۆری هەر لەبەر نانی**
**وەتەن ئەفرۆشێ بە یەک تارانی**
**ئەخاتە ژێر پێ دین و ئیمانی**
**کاکە خوا ئیشی نابەجێ ناکا**
**ئەشرافمان هەموو بێ رۆح و سستن**
**دەخیلە پشتیان هیچ پێ مەبەستن**
**هەموو ناکۆک و پارە پەرستن...**

دیوانی بێکەس، ل49

قوربەسـەریەکەی کـورد لـەوەدا بـوو، زۆربـەی نووسـەرەکانی مەسـت بـوون، نایبەکانیشـی وڵاتفـرۆش و پارەپەرسـت ...ئـەو دوو دیاردەیـە بـە درێـژی لـە یاداشـتەکانی رەفیـق حیلمـی و بیرەوەرییەکانـی هـاوار-دا تۆمـار کـراون (هـاوار، ل 260، حەسـەنپوور، ل 169).

رۆژنامـەی ژیانـەوە شـتە نهێنییەکانـی نایـب و نووسـەری وڵاتفرۆشـی بـۆ عـەوام ئاشـکرا کـرد. زۆر بـە راشـکاوی لـە مەملەکەتەکـەی شـێخدا بانگەشـەی عێراقچێتـی بـە گوێـی هەمووانـدا دا.

جگـە لـە خـودی رۆژنامەکـە و ئـەو نووسـەرانەی لـە رۆژنامـەی ژیانـەوە لـە شـێخ مەحمـوود کەوتنـە تەقـە، لێـرەدا دەمانـەوێ ئامـاژە بـە هەژموونـی گوتـاری ژیانـەوە بکەیـن لەسـەر چەنـد منەوەرێکـی کـورد لـە دەرەوەی ژیانـەوە.

**یەکەم: تۆفیق وەهبی**

زمانزانێکـی دۆسـتە ئینگلیـز بـوو، زۆر لـە شـێخ دوور نەبـوو، بـەڵام ئایدیۆلۆژیاکـەی دوور بـوو لـە شـێخ و نزیـک بـوو لـە ئینگلیـز، بۆیـە ئینگلیـز کردیـە موتەسـەڕیفی سـلێمانی. هەروەهـا مەعاریفـی عێراقـی داوای لێکـرد شـتێک ئامادە بـکات لەسـەر رێزمـان و دەسـتووری زمانـی کـوردی (حەسـەنپوور 2015، ل 162). ئینگلیـز منەوەرێکـی دەویسـت بـۆ ئـەوان کار بـکات، نـەک بـۆ دۆز و زمانـی کـوردی، بۆیـە وەک خـۆی بـۆ حەسـەنپوور دەگێڕێتـەوە: "پـاش ئـەوەی بەینمـان لەگـەڵ (سـاطع الحصـری) لـە وەزارەتـی مەعاریـف تێکچـوو، مەلایەکـی بەنـاوی سدقی کابـان بانـگ کـرد و دوو سـەد روو‌پیەیـان دایـێ، کابانیـش شـتێکی نووسـی بەنـاوی موختەسـەری سـەرف و نەحـوی کـوردی". موتەعەهیـدی حکوومەتیـان بـەلاوە نـا. لـەوە زیاتـر بـە حوکمـی ئـەوەی تۆفیـق وەهبـی وەک موتەسـەڕیفێکی سـلێمانی سـکاڵا و عەریزەیەکـی لـە رۆژنامـەی سـلێمانی بڵاوکردووەتـەوە، جگـە لـەوەی لـە موتەسـەڕیفی وەدەریـان نـا، مەجبـور کـرا لـە سـلێمانی نەمێنـێ و لـە بەغـدا بـژی، هەروەهـا ماڵەکـەی بپشـکنرێ و راپێچـی زینـدان بکـرێ (حەسـەنپوور، ل 162_163).

**دووەم: مستەفا پاشای یامولکی و ماجید مستەفا**

ئـەو دووە لـە نزیکەکانـی شـێخ بـوون. ئەوانیـش هـەرزوو لـە شـێخ هەڵگەڕانـەوە و بوونـە عێراقـی. (ئەمیـن 1999)،لـە لاپـەڕە 16ی کتێبـی (سـەردەمی قەڵـەم و موراجەعـات) دەنووسـێت: "لـە هەڵبژاردنـی 1928 دا زۆر کـەس خۆیـان ناودێـر کـرد، لەوانـە مسـتەفا پاشـای یامولکـی کـە لـە کابینەکـەی شـێخ مەحمـوودا وەزیـری مەعاریـف بـوو، هەروەهـا ماجیـد مسـتەفا کـە تـا سـاڵی 1927 یەکـێ لـە هـاوکارە نزیکەکانـی بـوو".

مسـتەفا یامولکـی تەنیـا دوو مانـگ پێـش گەڕاندنـەوەی شـێخ لـە هیندسـتان، لـە سـەردەمی ئیـدارەی مێجـەر سـۆن بـە نهێنـی لـە بیسـتویەکی تەممـووزی 1922 یەکـەم کۆمەڵـەی کـوردی لـە باشـووری کوردسـتان دامەزرانـد. (شـەریف 2007 ، لاپـەڕە 131) دەنووسـێت: کۆمەڵەکـەی یامولکـی نـاوی کۆمەڵـەی کوردسـتان بـوو، ئامانجـی سـەرەکی بریتـی بـوو لـە پاڵپشـتیکردنی جوڵانەوەکـەی شـێخ مەحمـوود، کەچـی کـە چـووە بەغـدا، بـووە عێراقچـی و خـۆی ناودێـر کـرد ببێتـە ئەنـدام لـە پەرلەمانـی عێـراق.

**سێیەم: فایەق بێکەس، زێوەر هەتا پیرەمێرد**

فایـەق بێکـەس بـە ئەبـوو نەواسـی کـوردی ناسـراو بـووە، زێـوەر و پیرەمێردیـش بـە دینـداری دوورە سیاسـەت. پرسـی عێراقچێتـی بـووە مەسـەلەیەکی حەتمـی، چونکـە پـاش خۆبەدەسـتەوەدانی شـێخ لـە 13ی مایسـی 1931 لـە پێنجوێـن، تۆمـاری خەباتـی سیاسـی _عەسـکەریی کـورد لـەو قۆناغـەدا پێچرایـەوە و بانگـی سـەربەخۆیی کوردسـتان و داوای دامەزراندنـی دەوڵەتـی سـەربەخۆی کوردسـتان بـە یەکجـاری خنـکا (ئەمیـن 1999 ، ل150).

سەیرکەن زێوەر هەتا 1924 یش دەیگوت:

**وا عەرزت ئەکەم بە شیرینی**
**خورمای خۆت بۆخۆت مێوژم بۆ خۆم**
**لەکوم دینوکم و لیبە دینی**

ئـەو خۆجیاکردنەوەیـە لـە عـەرەب پـاش شـکانی شـێخ و دەرکەوتنـی ژیانـەوە و ژیـان و عێراقچێتـی، ئیـدی زێـوەر لـە شـیعرێکدا کوردسـتان دەکاتـە "شـمال"ی عێـراق:

**ئەی عێراق ئەی عێراقم ئەی نووری چاوان**
**چەند جوانی لە ئەرزدا بوویتە گوڵشەنمان**
**لە "شیمال" و لە جنووبا مەنزەری فەتتان**
**دانیشتوانت وەک برا من وەک برای هاوجان**

وەک شـێرکۆ بێکـەس لـە بیرەوەرییەکانیـدا دەگێڕێتـەوە، بێکەسـی باوکـی هەڵگیرسـێنەری شـۆڕشی بـەر دەرکـی سـەرا بـووە، تەنانـەت برینداریـش بـووە، بـەڵام عێراقچێتـی ئەویـش دەگرێتـەوە، لـە دوا سـاڵی تەمەنیـدا لـە 1948، شـیعری داری ئـازادی دەنووسـێ و لـە دوا دێڕیـدا دەڵێـت:

**دۆستیی کورد و عەرەب زۆر کۆنە تەئریخ شاهیدە**
**ناحـەزی رووڕەش لـە داخـا بـا یەخـەی خـۆی دادڕێ..** (دیوانـی بێکـەس، لاپـەڕە 98-99 ).

دەرەبەگـی کـوردی هەرەسـی هێنـا، نایـب و ئەشـرافی کـورد بەغدایـان لێبـووە قیبلـە، ناوەنـدی ژیانـەوە _ژیـان بوونـە مەدرەسـەی بەعێراقیبـوون، بـە جۆرێـک عێراقچێتـی بـووە پلاتفۆرمـی کۆمەڵـەی سیاسـی کـورد وەک کۆمەڵـەی مارکسـی -لینینـی، ئـاڵای شـۆڕش هـەر کاری لەسـەر عێراقچێتـی دەکـرد.

**ئەنجام**

رۆژنامـەی ژیانـەوە سـەرەتای دەرکەوتنـی عێراقچێتـی و نەفرینکـردن بـوو لـە سـەربەخۆیی. رق لـە دەرەبـەگ و شـێخ و مـەلا چـاوی هەندێـک لـە منەوەرانـی کـوردی کوێـر کـرد و دەسـتیان دایـە "خەباتـی" قەڵـەم بـۆ لکاندنـی کوردسـتان ... ئـەو لکانـدن و عێراقچێتییـە ماڵوێرانیـی کـوردی لێکەوتـەوە و خـەونی خانـی و زەمەنـی شـێخی لەگۆڕنـا.

**ژێدەر**

- ئەمیـن، نەوشـیروان مسـتەفا- 1999 - سـەردەمی قەڵـەم و موراجەعـات 1928_1931 . سـلێمانی: سـەردەم .
- ئەمیـن، نەوشـیروان مسـتەفا- 2002- ژیـان. سلێمانی: سـەردەم.
- بەکـر، سـەلام ناوخـۆش- 2015- مێژوویەک لـە پەرتەوازەیـی. هەولێـر: هیڤـی.
- بەکـر، سـەلام ناوخـۆش- 2019- کاریگەریـی قورئـان لەسـەر زمـان و ئەدەبـی کـوردی. تورکیـا: لـە بڵاوکراوەکانـی دەزگای تەفسـیر.
- جەبـاری، عەبدولجەبـار- 1970 - مێـژووی رۆژنامەگەریـی کـوردی. کەرکـووک: چ .شـارەوانیی کەرکـووک.
- حەسـەنپوور، ئەمیـر- 2015 - سـەدەیەک خەبـات لـە پێنـاوی زمانـی کوردیـدا. سـلێمانی: لـە بڵاوکراوەکانـی بنکـەی ژیـن.
- خەزنـەدار و زەنگەنـە - 2011 - ئینسـایکلۆپیدیای رۆژنامەگەریـی کـوردی. هەولێـر: لـە بڵاوکراوەکانـی گۆڤـاری رۆژنامەنووس.
- شـەریف، عبدالسـتار طاهـر- 2007 – الجمعیـات والمنظمـات والاحـزاب الکردیـة فـي نصـف قـرن، ط 2. السـلیمانیة.
- عومـەر، فـاروق عەلـی- 2001- رۆژنامەگەریـی کـوردی لـە عێراقـدا، و.تاریـق کارێـزی. هەولێـر: لـە بڵاوکراوەکانـی موکریانـی.
- دیوانـی بێکـەس، کۆکردنـەوەی ئومێـد ئاشـنا. سـنە: انتشـارات کوردسـتان.

## ڕۆماننووس و چیرۆکنووس نەوزەت شەمدین:

# بۆ ئەوە دروستکراوم لەڕێی نووسینەوە ئەوانی دی فریو بدەم



ماڵپەڕی گاردیەنی بەریتانی، سەرەڕای بایەخدانە گەورە و چڕوپڕەکەی بە بواری کولتوور و ئەدەبیات، هاوکات بەردەوام بەدوای ڕێگەی نوێ و پرسیاری نوێوەیە بۆ دواندنی نووسەران، ئەمجارە هەندێ پرسیاری زۆر ورد و سەرنجڕاکێشی بۆ هەندێ نووسەر ئامادە کردووە کە خوێندنەوەیان و مەبەستی پشتی پرسیارەکان و وەڵامی نووسەرەکان شتگەلێکن بەردەوام خوێنەران لای نووسەران بەدوایدا دەگەڕێن، لە نموونەی باشترین کتێب، باشترین نووسین، باشترین و خۆشەویسترین کارەکتەر و زۆر شتی تری ورد کە خوێندنەوەی وەڵامەکانیان لە زاری نووسەرانەوە هەم چێژبەخشن، هەم ڕووئیایەک بۆ خوێنەر سەبارەت بە هەندێ کتێب و چیرۆک دەکەنەوە.

ئەم هەوڵەی ئێمەش، وەرگرتنی ئەو پرسیارانەیە و ئاراستەکردنیەتی بۆ بەشێک لە نووسەران و ئەدیبانی کورد، بە تایبەت قسەکردن لەو مەجالە کورت و لەو پرسیارانە لە ناوەندی ڕووناکبیریی ئێمەدا کەمە و بێشک خوێنەرانمان بە دوای وەڵامی ئەم پرسیارانەوەن.

لە پێنجەم گفتوگۆماندا، نەوزەت شەمدین، نووسەر و ڕۆماننووسی عێراقی وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە.

نەوزەت شەمدین لەدایکبووی ساڵی 1973ی ناوچەی فەیسەڵیەیە لە پارێزگای مووسڵ، لە بنەچەدا کوردە و بنەماڵەکەی خەڵی زاخۆن. بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە یاسادا هەیە.

نەوزەت شەمدین ڕۆژنامەنووس، ڕۆماننووس و چیرۆکنووسە. یەکەم ڕۆمانی "نیوە مانگ" لە ساڵی 2002 بڵاوبووەتەوە. ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی عێراقە. ساڵی 2004 لەلایەن گرووپێکی سەر بە ئەلقاعیدەوە هەوڵی ڕفاندنی دراوە.

تا ئێستا چوار ڕۆمان و دوو کۆمەڵە چیرۆکی نووسیوە. "هەرەسی ژێرخانێک" دووەم ڕۆمانی ئەو نووسەرەیە کە سەباح ئیسماعیل-ی وەرگێڕ کاری وەرگێڕانی بۆ کردووە و لە ناوەندی ئەندێشە چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

**ئامادەکردنی: ئەدەب و کولتوور**

**ڕووداو: ڕێک ئێستا چ کتێبێک دەخوێنیتەوە؟**

**نەوزەت شەمدین:** ڕۆمانی "الحلو الهارب الی مصیره" کە هی ڕۆژنامەنووسی عێراقی وحید غانمە.

**ڕووداو: کتێبێک کە ژیانتی گۆڕی؟**

**نەوزەت شەمدین:** ئاواتە گەورەکانی چارڵز دیکنز، لە قۆناغی شەشی بنەڕەتیدا خوێندمەوە، دوای ئەوەش چەندینجاری تر خوێندوومەتەوە. کارەکتەری "پێپ" زۆر لە کارەکتەری خۆم دەچێت، هەلومەرجی ژیانیشی بە شێوەیەکی سەیر و کتومت لە ژیانی من دەچێت!

**ڕووداو: کتێبێک کە خۆزگە دەخوازی تۆ نووسیبات؟**

**نەوزەت شەمدین:** کوڕانی گەڕەک-ی نەجیب مەحفوز.

**ڕووداو: کتێبێک کە کاری لە ستایلی نووسینت کردووە؟**

**نەوزەت شەمدین:** هەر کتێبێک کە لە ژیانمدا خوێندبێتمەوە بە دڵنیاییەوە کاریگەریی خۆی هەبووە لەسەرم.

**ڕووداو: کتێبێک کە تۆی گریاندووە؟**

**نەوزەت شەمدین:** کۆتا ڕۆمانم "دیسفیراڵ"بە دەم نووسینیەوە لە چەندان شوێنیدا داومەتە قوڵپی گریان، لە کاتێکدا کاریگەر بووم بە کارەکتەری "جابر" کاتێک چاوەڕێی مەرگێکی دەکرد کە لە وادەی خۆی زۆر دواکەوتبوو. کارەکتەرێکی دیکە هەموو مانگێک کیسە خوێنێکی پێ دەدرا و دەرزییەکیش لە سکیدا بۆ ماوەی 10 تا 12 کاتژمێر لە هەموو ڕۆژێکدا و بە درێژایی ژیانی. ڕۆمانگەلێکی زۆری دیکەش بە درێژایی ساڵانی زۆری ڕابردوو چاوەکانمیان نوقمی فرمێسک کردووە، لەوانەش "خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، ئێستا و لێرەشدا جارێکی دیکە" بۆ نموونە.

**ڕووداو: کتێبێک کە بە دیاری دەیبەخشیت؟**

**نەوزەت شەمدین:** هەر کتێبێک هەستێکی داهێنەرانەم تێدا بەدی کردبێت داومەتە ئەوانی دیکە وەک نرخاندنێک بۆ هەوڵی نووسەرەکەی. ساڵی 1886 ئانتوانت فۆر، کچی سەرۆککۆماری ئایندەی فەڕەنسا فلیکس فۆر، داوای لە مارسێل پرۆست کردووە تا وەڵامی چەند پرسیارێک لە دەفتەرە تایبەتەکەیدا بداتەوە، (دەفتەری دانپێدانانەکان، ئالبوومی تۆماری فیکر، هەستەکان و هیتر) ئەم داوایە دوو جار لە مارسێل پرۆست کراوە، جارێکیان لە چوارده ساڵیدا، جارێکی تر لە بیست ساڵیدا، بە هەمان شێوە من ئەو پرسیارانە ئاراستەی بەڕێزت دەکەم.

**ڕووداو: چاکە لای تۆ کامەیە؟**

**نەوزەت شەمدین:** چاکە "یەک کەڕەتی 10" نییە کە پیاوانی ئایین دەمانخەنە وەهمەکەیەوە، دەبێ بابەتەکان بە پێوانەی ئەو سەدەقانە نەپێورێن کە لەو کارانەدا بەدەستیان دەهێنین و لە بەرامبەر ئەوانی دیکەدا ئەنجامیان دەدەین. گوایە بۆچی بەبێ چاوەڕوانیکردنی بەرامبەر نایانکەین؟ چاکە بە لای منەوە ئەوەیە هەرچی لە دەستم بێت بیکەم بۆ ئەوەی بەپێی توانا سوودبەخش بم، تەنانەت ئەگەر بابەتەکە تەنیا خوازیاری بزەیەکیش بێت لێم.

> حەز دەکەم دوای تەمەنی سەد ساڵی و وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ بمرم

**ڕووداو: تایبەتمەندییە باشەکانی پیاوان کامانەن؟**

**نەوزەت شەمدین:** ڕاستگۆیی، هەموو شتێک بە دوای ڕاستگۆییدا گونجاو دەبێت لەگەڵ پیاوەتیدا.

**ڕووداو: تایبەتمەندییە باشەکانی ژنان کامانەن؟**

**نەوزەت شەمدین:** وەک ئەوە بن کە هەن، جوانترین ژن ئەوانەن ڕوخساریان بە ماکیاژ پیس ناکەن، ئەمەش جارێکی دیکە و بە دڵنیایی بەدەر لە "ڕاستگۆیی" پەلکێشیان دەکات بۆ کامڵبوونی مێینەیی.

**ڕووداو: بەنرخترین تایبەتمەندیی هاوڕێکانت کامانەن؟**

**نەوزەت شەمدین:** ئەوانەی چاو لە گەمژەییەکانم دەپۆشن، هەر کە لەبەر چاویشیان نەمام یادم دەکەن، لە دڵیشەوە پێدەکەنین کاتێک دیدارێک کۆماندەکاتەوە.

**ڕووداو: حەزت لە چییە؟**

**نەوزەت شەمدین:** ئاشتیی هەموو جیهان بگرێتەوە، بەڵگەنامەیەکی جیهانییش دابنرێت و بەپێی ئەو بەڵگەنامەیە میدیاکان سەرجەم هەواڵە خراپەکان لە نەشرە هەواڵییەکانیاندا بسڕنەوە.

**ڕووداو: بەختەوەریی ئایدیاڵ چۆن پێناسە دەکرێ؟**

**نەوزەت شەمدین:** هەندێک جار ئایدیالیزم کامڵییەکی مرۆیی دەگەیەنێت کە بە هۆی کەڵەکەبوونی وێرانەیی لە خۆماندا لەدەستمان دابێت، ئەگەرنا ئێمە لە ڕاستیدا کامڵین، بەڵام بە شێوەیەکی سەیر و کۆمیدیش لە هەمان کاتدا لێی هەڵدێین.

**ڕووداو: مەزنترین چارەڕەشی کامەیە؟**

**نەوزەت شەمدین:** ئەوەی کە مرۆڤ بێ نیشتیمان بێت.

**ڕووداو: حەز دەکەی لە کوێ بژی؟**

**نەوزەت شەمدین:** لەو شوێنەدا کە خەڵکی تێیدا دەڵێن "ماڵئاوا لە چەک".

**ڕووداو: ڕەنگ و گوڵی دڵخوازی تۆ کامەیە؟**

**نەوزەت شەمدین:** سەوز ڕەنگی هەڵبژێردراوی منە، گوڵی زەردیش بە ڕاستی جوانە.

**ڕووداو: شاعیری دڵخوازی تۆ کێیە؟**

**نەوزەت شەمدین:** شاعیرێکی دیاریکراو نییە، بەڵکوو چامەی سوپایەک لە شاعیرانم خوێندوونەتەوە.

> مەزنترین چارەڕەشی ئەوەیە بێ نیشتیمان بیت

**ڕووداو: کام پاڵەوانە پیاوەی ئەدەبیات لای تۆ دڵخوازە؟**

**نەوزەت شەمدین:** جان فلنجان لە بێنەوایاندا و فلۆرینتینۆ لە خۆشەویستی لە سەردەمی کۆلێرادا.

**ڕووداو: کام پاڵەوانە ژنەی ئەدەبیات لای تۆ دڵخوازە؟**

**نەوزەت شەمدین:** ئیما لە ڕۆمانی مادام بۆڤاریدا.

**ڕووداو: میوزیسیانە خۆشەویستەکانت کامانەن؟**

**نەوزەت شەمدین:** لودۆڤیکۆ ئیناودی-ی ئیتاڵی.

**ڕووداو: نیگارکێشە خۆشەویستەکانت کامانەن؟**

**نەوزەت شەمدین:** زوهەیر کەریم، باسل عەبیدی، خەلیف مەحموود.

**ڕووداو: زیاد لە هەر شتێک ڕقت لە چییە؟**

**نەوزەت شەمدین:** درۆ.

**ڕووداو: حەزت لێ بوو چ تایبەتمەندییەکت هەبووایە؟**

**نەوزەت شەمدین:** من زۆر دەمێکە کارێکی شێتانە دەکەم، کاتێک لە شوێنێک دادەنیشم و لە خەڵک ڕادەمێنم، لە خەیاڵی خۆمدا ناو و چیرۆک بۆ ژیانیان دادەهێنم و لە مێشکی خۆمدا چۆنم بوێت ڕێکیاندەخەم. چیرۆکی کورت و درێژیش بە گوێرەی ماوەی مانەوەی کەسەکە لە بەرچاومدا دەبێت، لەبەر ئەوە بە ئاواتم ببمە خاوەنی تایبەتمەندیی ناسینی ناخی کەسەکان لە جیاتی خەیاڵکردنیان و پێکهێنانەوەیان.

> جوانترین ژن ئەوانەن ڕوخساریان بە ماکیاژ پیس ناکەن

**ڕووداو: حەزت لێیە چۆن بمریت؟**

**نەوزەت شەمدین:** ئەو مەرگەی هیچ کەسێک هۆکاری نییە، زیانیشی بۆ کەس نییە. بۆ دوایینجار لەسەر جێگەکەم چاوەکانم بنوقێنم، بێگومان دوای ئەوەی گەیشتمە سەد ساڵی و نۆبڵیشم وەرگرت.

**ڕووداو: ئا ئێستا دۆخی ڕۆحیت چۆنە؟**

**نەوزەت شەمدین:** بیر لە وەرگرتنی مۆڵەت دەکەمەوە لێت بۆ گۆڕینی ژمارە "سەد" لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا بیکەم بە سەد و بیستوپێنج.

**ڕووداو: درووشمی تۆ چییە؟**

**نەوزەت شەمدین:** ئەوەی کە هیچ شتێک لە بەردەم سووربووندا مەحاڵ نییە.

**ڕووداو: ئەگەر بتگەڕێننەوە بۆ سەرەتای سەرەتاکان، دەتەوێت لەم بارودۆخەی ئێستا تێیدایت، هەر ببیتەوە بە نووسەر؟**

**نەوزەت شەمدین:** قۆناغێکی درێژم لە ژیان بڕیوە کە وام لێ دەکات ڕقم لە ئاوڕدانەوە بێت، ئێستایەک کە لەژێر کۆنترۆڵدایە زۆر لە ڕابردوویەک باشترە کە هەرچی بکەم و بکۆشم گۆڕانی بەسەردا نایەت. هەرگیز قۆناغی وێناکردنی خۆمم نییە بەبێ نووسین، بۆ ئەوە دروستکراوم ئەوانی دیکە فریو بدەم بە نووسین لەبارەی کارەکتەرانێکەوە کە لەڕاستیدا هەموویان خۆمم.

## "بەدەرئەنجامگەلێکی مەعریفیانە و تراژیدیانە گەیشتووم"

# ئومێد حەمەعەلی باسی ناوەڕۆکی "مێژووی خۆبەرهەمهێنانەوە" دەکات



د.ئومێد حەمەعەلی، نووسەر و پەرلەمانتاری خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان کە لێکۆڵینەوەیەکی سەبارەت بە سێ ڕۆمانی بەختیار عەلی کردووە و لە کتێبێکدا لەژێر ناونیشانی "مێژووی خۆبەرهەمهێنانەوە" چاپی کردووە، لەم دیدارە کورتەدا سەبارەت با ناوەڕۆکی کتێبەکە دەدوێت. ئەو کتێبە لەسەر هەر سێ ڕۆمانی: کەشتیی فریشتەکان، هەورەکانی دانیاڵ و دەریاس و لاشەکان قسەی کردووە.

**ئا: ئەدەب و کولتوور**

**ڕووداو: با لەوەوە دەستپێبکەین، بیرۆکەی نووسینی ئەم کتێبە چۆن سەریهەڵدا؟**

**ئومێد حەمەعەلی:** بیرۆکەی ئەم کتێبە لە کاتی جیاوازدا و لە فۆرمی جیاوازدا لەدایک بووە. لێکۆڵینەوە و گفتوگۆکردنە لەناو ڕووداوەکان و فەلسەفە و بیرکردنەوەی پاڵەوانەکاندا. تێکستە گەورەکان ناخوێندرێنەوە بێ ئەوەی پرسیار و هێزی تەماشاکردن و ڕوانینی دونیامان لە گۆشەیەکی دیکەوە پێ ببەخشن. بۆیە وەک خوێنەرێکی تێکستەکانی بەختیار ویستوومە تەنیا بەسەر ئەم تێکستانەدا تێنەپەڕم و ئاوڕێکی هزری لە ناخی ڕۆمانەکان بدەمەوە، بە شێوەیەک ئەوەندەی مومکینە سەرنجی خوێنەر بۆ ئەو دیوە فیکری و فەلسەفییەی ڕابکێشم کە واقیعی خۆرهەڵات و بەتایبەتی دنیای سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێمەی پێوە گیرۆدەیە. زمانی قووڵی فەلسەفییانەی بەشێک لە پاڵەوانەکانی بەختیار لە هەرسێ ڕۆمانەکەدا بووەتە پانتاییەکی بەرهەمدار بۆ لێکدانەوە و تێگەیشتنی ئەو دەردە کوشندە سیاسی و مێژووییانەی کۆمەڵگە و مرۆڤی ناوچەکەی ئێمەی نەخۆش خستووە. نەخۆشییەک کە تا بنەوەی بوونی سیاسی و مێژوویی و کۆمەڵگەی ئێمە ڕۆیشتووە.

**ڕووداو: میتۆدێکی دیاریکراوت هەبوو بۆ ئیشکردن؟**

**ئومێد حەمەعەلی:** یەک میتۆدی دیاریکراوم نییە، هەرچەندە ئیشکردنم لەم تێکستانەدا زیاتر شرۆڤەکارانە و گفتوگۆیە لەگەڵ بەشێکی ئەو خوێندنەوە و تێگەیشتنە فیکری و فەلسەفییانەی ڕۆمانەکان لەبارەی داردەی جیاوازی سیاسی، مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکانەوە پێشکەشیان کردووە، کە کەم و زۆر جیهانبینیی بەختیار عەلیش وێنا دەکەنەوە.

**ڕووداو: بۆچی بە دیاریکراوی ئەو سێ ڕۆمانەت هەڵبژارد؟**

**ئومێد حەمەعەلی:** هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم سێ ڕۆمانە پەیوەندی بەوەوە نییە لە ڕۆمانەکانی دیکەی بەرزتر هەڵیانبسەنگێنین، چونکە پێموایە زۆربەی ڕۆمانەکانی بە ئاستی جیاواز دەکرێ وەک تێکستی گرینگ و زیندوو سەیر بکرێن. ئەم سێ ڕۆمانە هەریەکەیان لەو کاتانەی خوێندوومنەتەوە، لەبارەی بەشێکی ڕووداو و بیروڕا فەلسەفییە ناوخۆییەکانییەوە سەرنج و تێگەیشتنی خۆمم تۆمار کردووە، چونکە ئیشکردنیان لەسەر دۆخی گشتیی مرۆڤ و کۆمەڵگەی ئێمە و گێڕانەوەی کێشەکان و ڕووداوەکان و ڕۆچوونە ناو ڕەگوڕیشە قووڵەکان، بۆ ئەو دیوە کەمبینراوانەی ژمارەیەکی کەمی مرۆڤ دەیانبینن، وای لێکردوون بە ئەندازەیەکی گەورە ژیان و زیندوویێتی ببەخشن.

**ڕووداو: گەیشتوویتە چ ئەنجامێک لەو تێڕامانەدا؟**

**ئومێد حەمەعەلی:** لە خوێندنەوە و لێکدانەوەی ئەم تێکستانە و نووسینی ئەم کتێبەوە بە دەرئەنجامگەلێکی مەعریفییانە و تراژیدیانەش دەگەین. ناونیشانی کتێبەکە و ناونیشانی هەرسێ بەشی کتێبەکە ئەو پێگەیشتنانەمان بۆ بەیان دەکەن. خۆبەرهەمهێنانەوە مەسەلەیەکی کەم سەرنج لێدراوە و بەردەوام هەوڵ دراوە ڕەگوڕیشەی کێشەکان لە شوێنە ڕاستەکەیاندا نەبینرێن و بدرێنە پاڵ هۆکارگەلێک کە ڕۆڵیان لە خولقاندنی کێشەکاندا ڕۆڵێکی پلە یەک نییە. نەک هەر ئەوە، دەشێ ئەوەی ڕوودەدات و بەردەوام خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە بە دەموچاوێکی جیاوازەوە لە پانتاییەکی ترەوە و لە بنەچەیەکی دیکەوە بێنەوە ئارا. هێزی خۆبەرهەمهێنانەوە وزەیەکی کەمبینراو و شاراوەیە کە خۆرهەڵات و دونیا کوردییەکەی ئێمەی تا قووڵایی نەخۆش خستووە.